## کەی کوردستانپوست دەست لەو مێتودە هەڵەیە هەڵئەگرێت! ... هاوار حاجی

جەند جارێک من سەیری ماڵپەری کوردستانپوست دەکەم رقم لەوە دەبێت کە ئێدی بەس سەیری ماڵپەرەکانی کوردی بکەم، ئەوەی دوژمنانی کورد پێنەکراوە دژی کورد بکرێت ئەوە ماڵپەری کوردستانپوست دەکرێت وسیاسەتی ئەم سایتە بەناو کوردیە درێژەپێدانەی سیاسەتی دوژمنانی کوردە. هەموو کەسێک دەتوانیت لایەنی بەرامبەری خو زۆر بەئاسانی گونەهبار و خەتابار بکەت. بەلام دەبێت ئەو تومەتانە بە ئەرگومەنت و فاکتە بن. هەر تومەتێک کە یەکێک بیدەتە پاڵ یەکێکی تر، ئەگەر بە فاکتە و بەلگەنامە نەبێت ئەوە مانای ئەوەیە ئەو تومەتە هیچ بنگەهێک بوی نیە و لە بنەرەتدا لەراستی دوورە هەر تەنها تومەتێکە دەخرێتە پاڵ کاسێک یان لایەنیک کە کینورقی لێیە و خوشی ناوێت. نوسینەکانی دەستەی نوسەرانی کوردستانپوست پرە لەم جورە تومەتانە کە بە ئەنقەست بو هەندێک کەس یان هەندێک رێکخستن دروست ئەکەن و ئەو کەسانە لەرێگای ئەم سایتەیەوە رقوکینی دلی خویان بەرامبەر کەسانی کوردپەروەر و وەلاتپارێز دەرێژن. سەیر بکەن هەڤالینە کام نوسەری بەتوانا و کوردپەروەر ماوە کە کوردستانپوست تومەت بوی دروستنەکردبێت و بە خەرابی لەسەری نە نوسیبێت، کامە رێکخراوی سیاسی کوردی، شورشگێرو کوردپەروەر ماوە کە کوردستانپوست بەگژدا نەچوبێتن. ئەو نوسارانەی کە چەندەها سالە بوئازادی کورد و کوردستان دەنوسێن و بەعسیەکان بە هەموو توانای خویان دەستیان پێرا نەگەشت تەرۆر بکەن، ئها ئێستا کە بەعسی سەدامی روخاو نەماوە، کوردستانپوست درێژە بەو سیاسەتە ئەدات و بە نوسینەکانی خویان هەولدەدەن کە ئەو نوسەرانە لەبەر دلی خوێندەواران سوکو رەش بکەن. بەلام بەری رۆژ بە بێژنگ ناگرێت، من ئەم پرسیارە دوبارە ئەکەم کە زۆر کوردی دلسوز پێش من هەر ئەو پرسیارە لە کوردستانپوست کردوە، ئەم نوسینانەی کوردستانپوست لەخزمەتی کێ دایە! بوچی ئەم هەموو (خەباتە) دژی گەلی کورد، دژی کولتوری کورد، دژی دیروکی کورد، دژی کەسایەتی کورد، .... . هتد. بە بوچونی من ئەم چەند کەسەی لە دەستەی بەرێوەبردنی کوردستانپوست دا کار دەکەن، ئەگەر لەسەر ئەم ئەخلاقە بەردەوام بن، لەناو مللەتی کورد رسواو شەرمەزاردەبن وخوێنەران لە رابوردوی ئەوان بەگومان دەبن، ئەگەر دژی کورد ژەهر نەرێژن ئەوا کەس باس لەوان ناکاتو لە هیچ شوێنێک ناویان نایەت. کورد وتویەتی باسی یەکێک نەکرا رویشت بەردی فرێدایە ناو کانی گوند. من وەکو کوردێک دەستخوشی لەهەموو ئەو نوسەرانە دەکەم کە وازیان هێناوە وەلامی جوێنەکانی کوردستانپوست بدەنەوە، بەتایبەتی دەستخوشی لە کوردستاننێت دەکەم کە خو لەو شەرە جوێنەی کوردستانپوست دەستپێکردی خو دەرخرایەوەو سمعەتی خوی پاراست. منیش هەر ئەم نوسینە نوسی وەکو کوردێک داوا لە بەرێوەبەرانی کوردستانپوست بکەم بەلکو دەست لەم رەوشتە دژی کوردوکوردستان هەلگرێت و واز لەم مێتودە هەلەیە بهێنێت و بگەرێتەوە سەر رێگای راست کە خزمەتکردنە بو کورد و کوردستان.

تێبینی/ داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەرێز دەکەم ئەگەر نوسینەکەم لە واری زمانیەوە هەلەی هەبێت!!

هاوار حاجی
1-11-2005